www.kurdistannet.org
3-1-2003 22:57

# کەرکوك و رەخنەی دوو زەردێنەی حەمە سەعید حەسەن

بروسك

رۆژی (٢٠٠٢/١٢/٢٩) لە کوردستان نیت ئۆرگان دا رەخنەیەکی دوو زەردێنەی حەمە سەعید حەسەن لەسەر کەرکوك بەناوی (کەرکوك قودلّی کوردستان) بلاّوکراوەتەوە. لەناو وتارەکە نوسەر جگە لەوەی هێرشی کردۆتە سەر پارتی ویەکیتی وبارزانی وتالّەبانی، مەبەستیشی بووە بلّێ تورکمانێکی ناو کۆنگرەی موعارەزەی عیراقی لە لەندەن بەناوی (فایق شێخ عەلی) پەلاماری (جەلال تالّەبانی) داوە. گوایە ئەم پەلامارە لەسەر هەلّبژاردنی (وەفیق سامەرایی) بەدناوی کۆنە سەرۆکی ئیستخباراتی عێراق بووە. هەرچەندە من میوانێکی بەردەوامی ئەنتەرنێت وبابەتە کوردیەکانم ورۆژگاری پر لە پەژارەی ئاوارەیی ئەوروپای پێ دەبەمەسەر، بەلاّم کەمجار تاقەتم هەیە جنێونامەکانی حەمە سەعید سەیر بکەم. هەروەکو چۆن تاقەتم نیە گوێ لە (عبد الباري عەتوان) و (قرضاوي) بگرم. ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەزانم ئەم نوسەرە سەروبنی زمانی چی لێ ئەرژێتەوە. شوکر بۆ خۆشم لەناو دونیای پڕ لە ئاژاوەی نوسەرانی کوردیش نوسەر نیم ونەکەوتومەتە ناو گێژاوی نوسەران. . کەبەشی زۆریان لەباتی رۆشەنبیری ئاژاوە بلاّوئەکەنەوە. زۆربەشیان دژی شەری براکوژی قسە ئەکەن بەلاّم خۆشیان هەر خەریکی دوژمنایەتی کردنی یەکترن، یان لەناو پارتی ویەکێتی هەر خەریکی ئەمبەر وئەوبەرن. هەر وەکو چۆن بازرگانی شەری ناوخۆ هەیە، بەشێك لە نوسەرانیش بونەتە بازرگانی ناکۆکیە ناوخۆکان.

ئەمجارەشیان بۆیە زاتم کرد بنوسم ونوسینەکەشم بۆ وەلاّمدانەوەی نوسینێکی حەمە سەعید حەسەنە، چونکە خۆم شایەتی زیندووی رووداوەکەم ودەزانم حەمە سەعید چ درۆیەکی شاخداری کردووە. هەربۆیە خۆمم پی نەگیرا وئەم چەند لاپەرەیەم رەش کردەوە. سوپاسیش بۆ کاك (دارا) کە کوردیەکەی بۆ پوخت کردم.

بۆئەوەی حەمە سەعید بە هەلّە نەچێ، حەزئەکەم پێشەکی بلّێم: لەوساوە حەمە سەعید سیمینۆڤ حیزبی شیوعی عیراقی دژی شۆرشی ئەیلول بە سەرۆکایەتی بارزانی نەمر هەلّگرت وهاوشانی سوپای عیراق نیشانی لە پێشمەرگە ئەگرت بەلّکو راویان بکا، لەوساوە من چەپێکی کوردستانی بوم. لە ژیانیشما جەلالی و مەلایی نەبوم. لە حەمە سەعید زۆر زیاتریش دژی بۆرجوازی کوردم. دوای نائومێد بون لە خەباتی چەپ سەری خۆم بۆ خاریج هەلّگرت.

لە کۆنگرەی موعارزەی عیراقی (لندن) بە تەکلیف قبولّم کرد ئەرکێك راپەرێنم. بەردەوام بە باجی کۆنگرەوە لەناو هۆلّەکەدا بوم. فرسەتێکی باشیش بوو لەنزیکەوە بارزانی وتالّەبانی پێکەوە ببینم. هەروا سەرکردەکانی شیعە وسوننە وعەرەب وتورکمان (سەد خۆزگە هەندێکم نەدیایە) ، ئەم وەلاّمەم شایەتی خۆمە لەسەر ئەوەی دیومە، نەك ئەوەی بیستومە.

پێش هەموو شتێك. . حەزئەکەم رونی بکەمەوە کەوا لەناو کۆنگرەکە، دوور ونزیك هیچ دەمەقالّیەك لەگەل تالّەبانی یان بارزانی نەکراوە. بەلاّم سەرجەم ئەندامانی کۆنگرە لەبەردەم هەردوکیانا بەرزەپی هەلّئەسان وگوێ رایەلّیان بون. مەگەر خوا وئەندامانی کۆنگرەکەش بزانن تورکمانەکان بەهەموو بال ومالێکیانەوە چەند رێزیان لە تالّەبانی زیاتر لە لایەنەکانی تر ئەگرت، من خۆم دەیان پیاهەلّدان وشانازی پێوەکردنی تالّەبانیم لە عەرەب وکورد وتورکمان بیست لەسەر ئەو دەورە کاریگەرەی لە کۆنگرەکەدا بینی. بەلّکو بەشی زۆری گیروگرفتەکان وناکۆکیەکانی ناو کۆنگرەکەش تالّەبانی چارەسەری ئەکردن. کەزۆربەی کێشەکان هی شیعە وسونە وبێلایەن وئەفسەرەکان وچەلەبی وباقی خەلکەکە بون، کورد بە پارتی ویەکێتی وئیسلامی وشیوعیەوە یەك هەلّوێست بون لەسەر کورد وفیدرال. بارزانیش لە هەموو هەنگاوێکا دەوری دیاری هەبوو. بەلاّم دەوری تالّەبانی بەرادەیەك دیار بوو پێش دوا دانیشتنی کۆنگرەکە، عەرەبێك هەلّسا بەشیوەیەك وەسفی تالّەبانی کرد کە سەرنجی هەموانی راکێشا. عەرەبێکی تر وتی: تالّەبانی رجل المهمات الصعبه. شیعەیەکیش لە دانیشتنێکی تایبەتیدا وتی: تالّەبانی هو الشخص الوحید الذي بامکانه ان یقود المعارضة العراقیة بکل اطرافها.

له پارتی، شیوعی، زەحمەتکیشان وسوشیالیستیشم مەدح وسەنای تاڵەبانی بیست. کورتیەکەی، ئەوەی منی بێلایەن هەستم پێکرد وئەمبینی، ئەوەیە کە تاڵەبانی دارێژری خیتابی سیاسی کۆنگرەکە بوو. لە هەموشیان زیاتر سەرۆکایەتی دانیشتنەکانی ئەکرد. ئەو راستیانە وراستیەکی زۆری ترم لەناو کۆنگرەکە بەچاوی خۆم دیوە. بەگوێی خۆم بیستووە. تەنانەت لام سەیر بوو شاعیرێکی عەرەب شیعریکی جوانی خوێندەوە، لەکاتی خویندنەوەی شیعرەکەدا تاڵەبانی هەستا وبەدەستی خۆی ئاوی بۆبرد. دوایی زۆربەی زۆری ئەندامانی کۆنگرەکە ئەیان ووت ئەمە پیاوێکی زۆر لە خۆبردووە.

من کە ئەو راستیانە و ئەو پەیوەندییەی نێوان بارزانی وتاڵەبانیم بینی، هەستم ئەکرد ئەرکی سەر شانی هەموو کەسێکە لەم بارودۆخە یارمەتی ئەم هەنگاوانەیان وهەموو خەمخۆرانی ئایندەی عیراق وکوردستان بدا. گەرچی نایشارمەوە، ئەو عیراقیەتیەی سەرانی کورد لە کۆنگرەکە وقسەوباسەکانیا زۆر ناچێ بە ئەقڵما، بەڵام روخانی درندەیەکی وەکو سەدام وبەدی هێنانی دیموکراسی لە عێراق وفیدراڵ، مەسەلەیەکی زۆر گرنگە. . ناکرێ دژایەتی بکرێ. دژایەتی کردنی گومانێکی زۆر دروست ئەکا، لەناو کۆنگرەکەشدا زیاتر قێز ەبێزم لەشەری ناوخۆی پارتی ویەکێتی هەڵسا. چونکە ئەوەی بارزانی و تاڵەبانی ئێستا ئەیکەن ئەبوو دەمێك بوو بیکەن. بەڵام دلی خۆم بەوە ئەدەمەوە کە ئایندەمان لەدەست نەچێ. دڵسۆزیش لەوەدایە پشتیوانی رێفۆرم وچارەسەری گیروگرفتەکان بکرێت. نەك لەژێر پەردەی رەحنەی نابەجێ قەتماغەی بیرنەکان هەلبدرێتەوە

با بێینەوە سەر ئەوە کە ئایە راستە پەلاماری تاڵەبانی دراوە لە کۆنگرەکە؟ بێگومان نەخێر. چونکە وەفدی پارتی ویەکێتی زیاتر لە (٧٠) کەس بون. ئەمە جگە لەوەی هەر لایەکیان چەندین حەرەس وئیداریان بردبووە ناو کۆنگرەوە. جگە لە گاردی تایبەتی بێگانە بۆ تاڵەبانی وبارزانی. هەر یەکێکیان کە دەرۆیشت لایەنی کەم (١٠) کەس دەوریان ئەگرتن. ئیتر چۆن کەسیك ئەوێرێ بێ حورمەتی بکا بەرامبەر تاڵەبانی. ئەی حەمە سەعید حەسەن ناڵێ یەکێتی پیاو کوژن، کەوابێ، (فایق شیخ عەلی) مەگەر لە عیراق وکوردستان دەستی شتبێ ئاوا ویرابێتی پەلامار بدا. هەقیش وایە فایقی شێخ عەلی خوێشی بێتە قسە کە ئایە راستە کاری وا ناشایستەی کردوە؟ هێندەی بیستوومە پیاوێکی خاوەن رەوشتە وکاری ناپەسەندی وای لێ ناوەشێتەوە.

لەم قسانە، هیچ مەبەستێکم نەبووە بەرگری لە تالەبانی یان پارتی بکەم، بەڵکو ویستومە رووداوەکانی ناو کۆنگرەکە وەکو هەیە باسبکەم هەتا خوێنەر بزانن حەمە سەعید حەسەن چەند رق لە دڵە وچۆنیش ئەو رقە روداوی پێ هەڵئەبەستێ. یان چۆن شتی بچوك گەورە ئەکا. ئاخر نوسەریك دڵسۆزی نیشتمان وگەلەکەی بێ بۆچی پێی ناخۆشە بارزانی بە کەرکوکی وتبێ (دڵی کوردستان) یان تاڵەبانی وتبێتی (قودسی کوردستانە) . ئاخۆ ئەم رقە چی یە ئاوا لەدەرونی حەمە سەعید بەردەوام جۆش ئەخوا و رقە بەردەوامەکەی ئەکاتە زەرەبینی هەموو باسێك وهەموو رۆژێك شەلە وکوێرە وهیچ ناپارێزێ.

هەموو دونیا ئەڵێ کۆنگرەی موعارزەی عیراقی سەرکەوتوو بووە، کەچی حەمە سەعید حەسەن لەگەڵ چەند شیعەیەکی حیزبی دەعوە وچەند مەلایەکی قورمش کراوی بەعس لە کەرکوك وهەندێك سیاسی دۆراو دژی کۆنگرەکەن. کورد خوا خوای بوو ناوی بەخێر ببرێ. ئێستا سەرجەم موعارزەی عیراقی دان بە فیدراڵی کوردستان ئەنێن وبەقسەی سەرکردایەتی کورد ئەکەن، ئیتر بۆچی چاوی حەمە سەعید لە ئاست ئەم سەرکەوتنانە هەڵنایە وهەر خەریکی بوختان هەڵبەستنە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا کە حەمە سەعید بۆ وا ئەکا، لەو باوەرەم کە ئەم پیاوە یان نەخۆشی سایکۆلۆژی هەیە یاخود بەکرێ گیراوی لایەکە، یان هەر دوکیانە. ئەگەر نەخۆش یان بەکرێ گیراو نەبێ، یاوەکو لە پەروەردە ورەوشتیا عەیبەیەك ئازاری دەرونی نەدا، بۆچی بەو هەموو جنێوە دڵی داناکەوێ، لە کاتێکدا وای لێ هاتووە هەموو ئەوانەی رەخنەشیان لێ ئەگرێ بێزیان نایەت وەڵامیشی بدەنەوە. ئەم پیاوە نە واز لەجنێوی سیاسی ئەهێنی ونە دەست لە رەخنەگرتن لە شێرکۆ بێکەس هەڵئەگرێ. هەموو ئەدەب دوستێك ئەزانێ حەمە سەعید بۆ رقی لە شێرکۆیە. چونکە شێرکۆ بێکەس لە لوتکەدا هەڵئەفرێ وحەمە سەعید حەسەنیش دوای (٣٠) ساڵ لە هەوڵی شیعر توسین لە دامێنی لوتکەی شیعری شێرکۆدا، هێشتا باڵی شیعری

پەڕی لی نەرواوە. لە سیاسەتیشدا ئەم پیاوە یەك لاپەڕەی شەرفمەندانەی لە مێژووی خۆیدا نییە. کەچی ئەیەوێ ئەو عەیب وعارەی بەجنێودان بشارێتەوە.

لەهەمووش سەیرتر ئەوەیە کە حەمە سەعید باسی کەرکوك ئەکا. گوایە پارتی ویەکێتی وازیان لێ هێناوە. ئەگەر بەراستی ئەم دوو هێزە واز لە کەرکوك بێنن هەقوایە نەفرەتیان لێ بکرێ. بەڵام لە راستیا کێ دلسۆزی کوردستانە، ئەوانەی دوژمنانی ئیقلیمی لێیان ئەترسێ وهەرەشەی داگیرکردنی کەرکوك وکوردستان لەترسی ئەوان ئەکەن، یان حەمە سەعید وئەوانەی دوژمنی کوردایەتی وسیاسەت وسەرکەوتنی گەلەکەیانن. من باوەڕم وایە گەر پارتی ویەکێتی شەر لەسەر رزگارکردنی کەرکوك بکەن وقوربانیەکی زۆریش بدەن (کە دوور نیە هەر وای لێ بێ) حەمە سەعید ئەو کاتەش ئەگەڕێ بەدوای بیانووی پروپوچ دا بۆ دژایەتی کردنیان. هەرگیز باوەر ناکەین رۆژی لە رۆژان کەرکوك کیمیا بارانیش بکرێ حەمە سەعید حەسەن بوێرێ سیمینۆفەکەی جارانی هەڵبگرێتەوە وبگەرێتەوە کوردستان بۆ بەرگری کردن لە کورد وکەرکوك. هەروەکو چۆن لە ئەنفال وکیمیاباران کردنی هەڵەبجە وکوردستان حەمە سەعید لە ماڵە سویدیەکەی نەجولا وله جنێویش نەکەوت.

یەکێك خۆی هیچ وهیچ لەدەست نەهاتوو نەبێ وکەس بە هیچی نەزانێ، هەقوایە دانیشی یادەوەری خۆی وسیمینۆفەکەی دژایەتی گەلەکەی بنوسێتەوە باشترە بۆی. هیچ نەبێ نوسینی ئەو یادەوەریانە بە چاك وخراپیانەوە دەرسیکە بۆ نەوەی ئیستا وئاینده. نەك رەخنەی دوو زەردێنەی وەکو ئەم وتارەی حەمە سەعید لە یەکیتی وپارتی بەناوی (کەرکوك قودڵی کوردستانە) کە جگە لەبێ دەسەڵاتی وجگە لەوەی ئەیسەلمێنێ نوسەرەکەی چەند لە داهێنان بی بەهرەیە. . هیچی تر ناگەیەنێ. لە کۆتاییش دا ئەمەوێ سەرگوزشتەیەك بگێرمەوە کە زۆر لەگەڵ رەوشتی حەمە سەعید حەسەن دێتەوە.

کاتی خۆی لە گەرەکی (ئیمامی قاسم) ی کەرکوك بوین، ئافرەتێك هەبوو بەناوی (خەدیجە) لەبەر دەمەوەری وشاتەشاتی رۆژانەی پێیان ئەووت (خەجاو) . خەجاو شەری لەگەڵ تری خۆیشیا ئەکرد. ژن وپیاوی گەرەك نەمابوو خەجاو جنێوی پێ نەدابێ. قور بەسەر ئەوەی وەلامیشی بدایەتەوە، ئیتر خەجاو لەسەر رەقم جنێوی پێ ئەدا ودەنگی بەرز ئەکردەوە، کەزۆریش تورە بوایە یەخەی خۆی دائەدڕی وکراسەکەشی بەرز ئەکردەوە وگۆێی نەئەدایە ئەوە دەرپێکەی یان تەنانەت عورەتیشی دەرئەکەوێ. ئیتر وای لێهاتبوو خەجاو گەرەك وگوزەر وبازاڕیش لیێ ئەترسان. هەزار جنێویشی بدایە کەس وەلامی نەئەدایەوە چونکە ئەترسان یەخەی دادرێ وعورەتی دەربخا وبوختانێك بۆ بەرامبەرەکەشی هەڵبەستێ. بەراستی حەمە سەعید حەسەن وەکو خەجاوی لێهاتووە. هەرچی ئەنوسێ وەکو عورەتی خەجاو وایە کەس ناوێرێ سەیریشی بکا، نەکا لەوە زیاتر دەمی شری بەربداتەوە. یادت بەخێر خەجاوی ئیمام قاسم، ئاسودە بنوو، چونکە وەجاغت بە حەمە سەعید حەسەن کوێرنەبۆتەوە.

٢٠٠٣/١/١

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت